# نیشتمان، ڕاومان دەنێت!

كارزان عوسمان
Karzan984@yahoo.com

(بە زانیار محەمەدی هاوڕێ و هاو نیشتمانیم پێشکەشە)

هەمیشە...

ئەو نیوەڕۆیە

سەرسامم دەکات

کە بە پێڵاوە قوڕاوییەکانمانەوە

دوا نیگا لە خۆڵ دەکەین!

***

واق وڕماوین

بە دیار بیرکردنەوە

لە هەنیسکەکانی دایکمان

بەدیار بیرکردنەوە

لە نیگای منالێکی شەرمنی کۆڵان

بەدیار بیرکردنەوە

لە توڕەبونە بە لەزەتەکانی باوکمان

من دڵنیام سەرمان دەخوات

بیرکردنەوە

لەو ئێوارانەی

بەدەم پیاسەوە

چاومان پڕ دەکرد لە ڕەنگی

ئاوابونی خۆر!

تەنها ئەم تابلۆیانەی نیشتمان هی ئێمەن

نیشتمانیش هی پیاوە نیشتمانێکانە!

***

هاوڕێ...

ئەم هەموو حکایەتە

بە من ئەز بەر ناکرێ!

ئەم خەونە پەمەییانە

بۆ ئەز نایەتە دی!

هەمیشە نیشتمان بە گوێمدا دەچپێنێ

(چاوەکانت داخەو, پاشایانە بژی...)

یان زۆرجار دەڵێ

(ویژدانت تا ئەوسەری کۆڵانەکەتان ڕاونێوو

سەگی تێ بەردەو بەختەوەر بژی)

***

نیشتمان تورِم دەدات

وەختێ پاسارییەکم خۆشتر بوێ

لە بازێکی چرنوک تیژی دەنوک زل

تورِم دەدات نیشتمان

وەختێ ئەو حیکایەتانەیم خۆش نەوێ

کە بەردەوام خوێنیان لێ دەچۆڕێ

لێ منیش...

نیشتمانێک ئاسودەم ناکات

هاوڕێیەکی تێدا نەبینمەوە

گیتار بژەنێ وو

هەموو عەسرێک داوەتی باخچەم بکات...

پەستم دەکات نیشتمان ...

وەختێک

پڕ دەبێت لە عیشقوو

لە ژیان وو

لە مردن وو

هیچیان بەر ئێمە ناکەوێت!

نیشتمان پەستم دەکات ...

وەختێک

پڕ دەبێت لە گۆرانیوو

پڕ دەبێت لە خوا

بە بێ ئەوەی ئاسودەمان بکەن!

هاوڕێ...

ئەوکە، مەستم

بە بیرکردنەوە لەو نیوە ڕۆیەی

بە پێڵاوە قوراوییەکانمانەوە

د و ا ن ی گا

ل ە

خ ۆ ڵ

د ە ک ە ی ن !